

**بەشی ٢٣** **مافناس –حەسەن ئەیوبزادە**

## پێداچوونەوە بە رووداوی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریی


## لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس ودادوەرانی لێکۆڵینەوەی ئوتریش( نەمسا)

### هاوکاریی مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادە (حیاکیی) لەگەڵ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک

کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان، نووسینی خاتوکارۆل پرۆن هوبێر خەلکی وێنێزۆئێلا و کتێبی ئیسکۆرت بەرەوتاران،نووسینی دوکتور پیتێر پیلچ، نوێنەری پارلمانی ئوتریش و ئەندامی بەرێوەبەریی حیزبی کەسکەکان، دوو سەرچاوەی سەرەتایی بۆ بلاوکردنەوەی بەشێک لە زانیارییەکان لە سەر روداوی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لە ١٩٨٩/٧/١٣ لە شاری ڤییەن لە خۆدەگرن.
لەو دوو سەرچاوەیەدا، دەوری جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی، بۆدارشتنی پلانی " وتوویژ"ی نێوان د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لە گەڵ محمد جعفری صحرارودی باس نەکرابوو.
محمد جعفری صحرارودی، ئەندامی کارای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە دوای تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ەوە بە پێی "رێککەوتنی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ محمد باقر ذوالقدر،" کرا بە بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە گوندی یاخسەمەر. گوندی یاخسەمەر ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا بوو. دوای ناردنی صحرارودی بۆ یاخسەمەر، ئەوشوێنە کرا بە ناوەندی جاسوسیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و کۆکردنەوەی زانیاریی و بەرێوەبردنی پلانی تێرۆری رێبەرانی حدکا و تواندنەوەی بزووتنەوەی کورد کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ینکدا لەلایەن تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمینەوە بە وردیی باس کراوە.
یاخسەمەر گوندێکی چۆلکراوی باشوری کوردستان لە لێواری سنوری رۆژهەلات و باشوری کوردستان لەچەند کیلۆمیتریی گوندی چۆلکراوی گەورەدێ(ناوندی دەفتەری سیاسیی حدکا) بوو. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا پاراگرافی ٨ لاپەرەی ١٠٥، نووسینینەوشیروان مصطفی ئەمین، ئەندامی بەرێ سەرکردایەتیی ینک و گۆرانی ئێستا!

### رێکەوتنی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل باقری ذوالقدر

نەوشیروان مصطفی لە کتێبی خولانەوەدا باس لە رێکەوتنی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل محمد باقر ذوالقدر دەکا.



کورتەی ڕێککەوتنەکە: هاوکاری سیاسی و عەسکەری و ئیعلامی یەکتری بو، بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و، هێنانە سەرکاری حکومەتێک کە گەلی عێراق خۆی هەلّی بژێرێ. هەروەها پشتیوانی لە تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی ئامانجە ڕەواکانی دا، بە پشتیوانیکردنی سیاسی و جەنگیی یەکێتی و، بە یارمەتیدانی بە چەک، ئازوقە و.. دەرمان. بە تەداوی کردنی بریندارەکانی لە خەستەخانەکانی ئێران دا. بەڕێگەدانی ئەندام و لێپرسراوەکانی لە ئێرانەوە هاتوچۆی دنیا بکەن. بە بلاوکردنەوەی هەوالەکانی کوردستان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێرانەوە. بە ڕێگەدان بە ڕۆژنامەوانی بێگانە لە ئێرانەوە سەردانی کوردستان بکەن.
بێگومان هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوان دو هێزی نابەرامبەردا، لە نێوان دەولەتێکی گەورەی وەکو ئێران و گەلێکی بێ دەولەتی گەمارۆدراوی وەکو کوردا، هاوسەنگ و هاوتا و بەرامبەر نابێ. لە دوایین حسابی قازانج و زیان دا، کەلکوەرگری یەکەم لە قازانجەکانی هەمیشە هەر لایەنە بەهێزەکە ئەبێ و، زەرەرمەندی یەکەم لە زیانەکانی هەمیشە هەر لایەنە لاوازەکە ئەبێ.


بەروالەت مەبەستی نەوشیروان مصطفی لە نووسینی وشەی" رێکەوتن"ی تالەبانیی ووەفدەکەی لەگەل باقرذوالقدر ، دەبێ "پەیماننامەی سیاسیی "بوو بێ!. بروانە لاپەرەی ١١٣ خولانەوە لە ناوبازنەدا
بابزانین ئەو" رێکەوتن"ە لەروانگەی مافە سیاسیی یە نێودەوڵەتیی یەکانەوە چ ئیعتیبارێکی هەبووە.؟
ئەو رێکەوتنە ی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل محمد باقر ذوالقدر ئەندامی بەرپرسی ئۆدەی کارەتایبەتییەکان ( ئۆدەی دارشتنی پلانی تێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیم ) بایەخی حقوقیی – سیاسیی ئەو کوتە کاغەزەی نەبووە کە ئەو رێکەوتنەی لە سەر نووسرابوو. دەولەتان تەنیا لەگەل دەولەت یان دەولەتان پەیماننامە ئیمزابکەن. بروانە پەیماننامەی ١٩٦٩ ڤییەن.
ئەو بە ناو رێکەوتنە، کردنی هێزێکی ئازادیخوازی ولاتداگیرکراوی گەلێک بووە بە تابوری پێنجەمی رژێمێکی داگیرکەر کە هیچ بایەخ و ئیعتیبارێکی نەبووە.

نەوشیروان مصطفی دوای بڵاو بوونەوەی راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک کە تالەبانیی لە سلێمانی لە ٢٠٠٩/١٠/٣١ بۆ ١٦٠٠ ئەندامی ینک ی خوێندەوە. تالەبانیی لەو راپۆرتەدا نەوشیروان مستەفای بە تاوانباری جینایەتی چل ساڵەی تەنزیمەکەی ناودێرکرد.
نەوشیروان لە بەرپەرچ دانەوەی تۆمەتبارکردنەکانی خۆی دا تالەبانیی بە پێکهێنەری دەرفەت و زەمینەبۆ خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان: ئەنفالەکان، کارەساتی هەلەبجە و سەردەشت ... و وێرانی کوردستان تۆمەتبار کرد. لە واقیعدا هەر دوو بەرپرس، دانیان بەو واقعییەتانەدانا کە خۆیان هەرکام ئەویدیکەی پێ تاوانبار کردبوو. [1]

خوێندنەوەی دوو کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا، نووسینی نەوشیروان مصطفی و کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە نووسینی شەوکەتی حاجی مشیر و راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک لە ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١ و وەڵامنامە کەی نەوشیروان مصطفی ئەمین بە مەبەستی رەتکردنەوەی بەشێک لە راپۆرتەکەی تالەبانیی بە ناوی" لە هاوخەباتییەوە بۆ تەخوین"، لە واقیعدا دانپێدانان و ئیعتیرافی روون و ئاشکرای ئەو دوو بەرپرسەی ینک بوو بۆ رکێش کردنی دوو ئەرتەشی ئێران و عێراق لە باشوری عێراقەوە بۆ سەرکوردستان و دنەدانی رژیمی بەعس بۆ بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی قەدەخەکراو دژی خەلکی بێدیفاعی هەلەبجە وکردنی ینک بە تابۆری پێنجی رژیمی خومەینیی.ئەمانە هەموو دەرفەتی پێویستیان بۆ دوو رژیمی داگیرکەری کوردستان( بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران) بۆ خولقاندنی کارەساتەکانی ئەنفال، بێسەرو شوێن کردنی هەشت هەزار بارزانیی، هاندانی رژیمی صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە وسەردەشت ، تێرۆری رێبەرانی حدکا و سەدان ئەندامی ئەو حیزبە لە ناوچەی سەوزی ینک و توناکردنی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لێکەوتووەتەوە. کرتە بۆ [ئێرە]() و [ئێرە]() بکە و Ctrl دابگرە!

دوای رێکەوتنی ١٩٨٦ ی تالەبانیی و وەفدەکەی لە تاران لەگەل محمد باقر ذوالقدر ( بەرپرسێکی قەرارگای رمضان)و دیاریکردنی محمد جعفری صحراودی بە بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی سپای پاسداران لە گوندی یاخسەمەر ( ناومالی تالەبانیی و ناوەندی ینک) لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا و نووسینی "راپۆرتێکی نهێنیی " لە لایەن تالەبانییەوە بۆ "وزارەت ئیتتیلاعات" ی رژیمی خومەینیی کە مەلا عەبدوللا بە راپۆرتی خەبەریی واتە جاسوسیی ناودێر کردبوو، زنجیرەی کارەساتەکانی کوردستان بەوشێوەیە کە طارق عزیز بۆ فەرەیدون عەبدولقادر، یەکێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ینک ی باس کردبوو و لێیپاڕابۆوە کە کوردستان دوچاری ئەو کارەساتانە نەکەن کە کورد بەسەری دێ، بە ئیقراری نەوشیروان مصطفی و تالەبانیی ئەو هەلەیان بۆ ئەو دوو رژیمە پێک هێنا کە کورد بەرەو ئەوکارەساتانە رکێش بکرێ. بۆ شارەزابوون لەو تراژێدییە و دەوری سەرکردایەتیی ینک بە تایبەتیی تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ، فەرەیدون عەبدولقادر، فواد معصوم و ئەندامانی وەفدەکەی تالەبانیی بۆ رێکەوتنی ١٩٨٦ ئەو سەرچاوانە بخوێنەوە:
١-لاپەرەی ٧ و ٨ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا کرتە بۆ [ئێرە]() بکەو Ctrl دابگرە! ٢- راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چوار ی ینک ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١ و٣- لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین نووسینی نەوشیروان مصطفی ٤- وتوێژەکانی تالەبانیی لەگەل ئێران ( رۆژنامەی کیهان و راگەیاندنی هاوپەیمانییەکەی خۆی لەگەل ئێران بۆ پێکهێنانی هیلالی شیعیی + کوردستان بە سەرۆکایەتیی تالەبانیی ٥- وتوێژی نەوشیروان مصطفی و راوێژکارێکی فەرەنسیی و نووسەرێکی لۆمۆند و کاردانەوە کەی لە ولاتانی عەرەبیی و تورکیا لە کتێبی خولانەوە لە

ناو بازنەدا لە لاپەرەی ١٢٢-١٢٩ دا بخوێنەوە!


ڕێککەوتن لە گەڵ ئێران، لە باتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مام جەلال و، لە باتی جمهوری ئیسلامیی ئێران محەممەد باقر زولقەدر، کە ماوەیەک بو بە سەرۆکی ستادی سپای پاسداران، ئیمزایان کرد بو.

*

کورتەی ڕێککەوتنەکە: هاوکاری سیاسی و عەسکەری و ئیعلامی یەکتری بو، بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و، هێنانە سەرکاری حکومەتێک کە گەلی عیراق خۆی هەڵی بژێرێ. هەروەها پشتیوانی لە تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی ئامانجە ڕەواکانی دا، بە پشتیوانیکردنی سیاسی و جەنگیی یەکێتی و، بە یارمەتیدانی بە چەک، ئازوقە و، دەرمان. بە تەداوی کردنی بریندارەکانی لە خەستەخانەکانی ئێران دا. بەڕێگەدانی ئەندام و لێپرسراوەکانی لە ئێرانەوە هاتوچۆی دنیا بکەن. بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کوردستان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێرانەوە. بە ڕێگەدان بە ڕۆژنامەوانی بێگانە لە ئێرانەوە سەردانی کوردستان بکەن.
بێگومان هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوان دو هێزی نابەرامبەردا، لە نێوان دەوڵەتێکی گەورەی وەکو ئێران و گەلێکی بێ دەوڵەتی گەمارۆدراوی وەکو کوردا، هاوسەنگ و هاوتا و بەرامبەر نابێ. لە دوایین حسابی قازانج و زیان دا، کەڵکوەرگری یەکەم لە قازانجەکانی هەمیشە هەر لایەنە بەهێزەکە ئەبێ و، زەرەرمەندی یەکەم لە زیانەکانی هەمیشە هەر لایەنە لاوازەکە ئەبێ.

راپۆرتە نهێنییەکەی جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیم کە مەلا عەبدوللا بە خەبەریی(جاسوسیی) پێناسەی کردبووو لە لایەن وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی خومەینییەوە لە رۆژنامەی کیهان ژمارە ١٣٠١١ رێکەوتی ٦ی بانەمەڕی ١٣٦٦ لە قاو درابوو. مەلا عەبدوللا حیاکیی ( حسنزادە) لە توێژینەوەکەیدا ئەو نووسراوەیەی بە راپۆرتی خەبەریی ( جاسوسیی) پێناسەی کردبوو کە بە نهێنیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی نارد بوو و مۆری "محرمانە "ی لێدرابوو. شەرح و شرۆڤەکەی بە پێی نووسینێکی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە کە لە ئۆرگانی " کوردستان " ژمارەی ١٢٧ جۆزەردانی ١٣٦٦ ( ژوئەنی ١٩٨٧) بڵاوکراوەتەوە کە دواتر باس دەکرێ.

ئەو بە ناو رێکەوتنە دەسپێکی هاوکاریی مەلا عەبدوللا

---

1 http://www.sparknotes.com/us-government-and-politics/political-science/international-politics/section3.rhtml

حەســەنزادە لەگــەڵ ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران بــۆ تیــرۆری د.قاســملووو د.شــەرەفکەندیی و ســەدان ئەنــدامی حــدکا لــە باشــوری کوردستان ( ناوچەی سەوزی ینک ) و کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە.

**ناساندنی محمد باقر ذوالقدر لە لایەن ابوالحسن بنیصدر ، سەرۆک کۆماری بەرێی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئــەو ڕێکەوتنەکــەی کــە تالــەبانیی باســی کــردووە، لەگــەڵ محمــد بــاقر ذوالقــدر ئیمزاکرابــوو. بــاقری ذوالقــدر لــە لایــەن نەوشیروانەوە بــە ســەرۆکی ســتادی سپای پاسداران نــاوبردرابوو. بــۆ ناســینی بــاقری ذوالقــدر نووســراوەکانی بنــی صــدر لەســەر باقری ذوالقدر لە خوارەوە بخوێنەوە!

بنیصــدر، ســەرۆک کۆمــاری پێشــتری ئێــران لــە ڕۆژنامــەی انقــلاب اســلامی در هجــرت ژمارەکــانی 693-694-695-696-697-698- لــە ژیر نــاوی جریــان تحــول سپاه پاسداران بــە حــزب سیاسی مسلح لەبەشــی کــارگێرانی سپای پاسدارانداـ بــەم جــۆرە بــاس لە - سردار محمد باقر ذوالقدر دەکا:

- سـردار محمـد بـاقر ذوالقـدر از مخـوف تـرین فرمانـدهان سـپاه پاسـداران اسـت . او بیشـتر از آنکـه نظـامی باشـد اطلاعـاتی و امنیتـی اسـت و سـالها در مقـام فرمانـدهی هـای مختلـف مشـغول بـه کـار بـوده اسـت . از آنجاکـه بسـیار امنیتـی بـود در دوران احمـدی نـژاد بـه عنـوان معـاون امنیتـی وزارت کشـور انتخـاب شـد و ایـن در حـالی بـود کـه بنـا بـه گفتـه سـردار حجـازی، همسـر او نیـز در معاونـت بـانوان وزارت کشـور، معاونـت خـانم سـلطانخواه را بـر عهـده داشـت. بـر اسـاس گفتـه هـای صـریحش، ذوالقـدر عامـل دخالـت سـپاه و بسـیجیان بـوده اسـت کـه احمـدی نـژاد را بـه ریاسـت جمهـوری رسـانده اسـت . محمـدباقر ذوالقـدر کـه تـا امـروز قائممقـام فرمانـده کـل سـپاه پاسـداران بـوده اسـت . در سـال 68، سـتاد مشـترک سـپاه پاسـداران کـه هماهنگکننـده پـنج نیـروي زمینـي، هـوایي، دریـایي، قـدس و نیـروي مقاومـت بسـیج سـپاه بـود را تشـکیل داد و از سـوي خامنـه ای بـه عنـوان نخسـتین رئـیس ایـن سـتاد منصـوب شـد. بنیصـدر لـە بەشـێکیدیکەی زانیارییـەکانیدا لـەژێر سـەردێری خـوارەوە نووسـیویە دەچێتـەوە سەرباسـی ذوالقدر بروانە ئەو لینکە و ئەوبەشە لە نووسراوەکەی بنیصدر.

" تشکیل تیم های ترور و تررورمخالفین :

راه انـدازي تـیم هـاي تروریسـتی در داخـل و خـارج از کشـور : از زمـانی کـه ایـن نیروهـا از جبهـه برگشـتند تـاریخ ایـران نشـان دهنـده ترورهـاي روز افـزون سیاسـیون و فرهنگیـان در داخـل و خـارج از کشـور اسـت . ایـن امـر نشـان مـی دهـد کـه بـا بازگشـت ایـن نیروهـا از جبهـه هـا و تشکیل تـیم هـاي متحـد بـا واواک، کـار ترورهـاي مخـالفین در داخـل و خـارج از کشـور را شـروع کردنـد . طـی مـدت 8 سـال کـه بـا ریاسـت جمهـوري هاشـمی رفسـنجانی و وزارت فلاحیـان بـر واواک و فرمانـدهی محسـن رضـایی بـر سـپاه همـراه بـود، سـازمان تـرور در دولـت بوجـود آمـد و صـدها تـن را در داخـل و خـارج از کشـور بـا برنامـه ریـزي ومـدیریت ایـن افـراد تـرور شـدند . سـازماندهی تـرور ، نخسـت توسـط سـپاه ، زیـر نظـر ذوالقـدر ، انجـام گرفـت . او قصـر فیـروزه را مرکـز کـرد و در آن، پرونـده هـاي کسـانی کـه بایـد تـرور مـی شـدند، تشـکیل و بـراي تصـویب مقـام رهبـري و رئـیس جمهـوري در اختیـار آنهـا قـرار مـی گرفـت . بـه تـدریج، سـازمان تـرور شـکل گرفـت و هریـک از وزارت خانـه و سـازمانهاي دولتـی ( نظیـر صـدا و سـیما ) بخـش از کـار تـرور را برعهـده گرفتنـد . پـس از پایـان ریاسـت جمهـوري هاشـمی رفسـنجانی ، سـازمان تـرور تجدیـد شـد . سـازماندهی جدیـد تحـت نظـر « بیـت رهبـري » رهبـري قـرار گرفـت . قتلهـاي سیاسـی کـه رژیـم بـه آنهـا « قتلهـاي زنجیـره اي » نـام داد و بـه « محفلـی هـا » نسـبت داد، در شـمار نخسـتین ترورهـاي سـازمان جدیـد تـرور بـود . بـه دنبـال آنهـا ، سـعید حجاریـان تـرور شـد . در ایـن سـازماندهی ، « روحانیـان » کـه کمیتـه فتـوا را تشـکیل داده انـد و واواکـی هـا و پاسـداران وابسـته بـه مافیاهـاي نظـامی – مـالی ، نقـش اصـلی را دارنـد . بـدین ترتیـب، شـرکت در ترورهـا کـه جنایتکارانـه تـرین شـیوه دخالـت در سیاسـت اسـت، تنهـا بخـاطر تشـکیل حـزب سیاسـی مسلح مسلط بر دولت ، به عمل آمده اند.

لەراستی دا ڕێکەوتنی تالەبانیی و وەفدەکەی لە ١٩٨٦ لەگەڵ محمد باقری ذوالقدر کە بەرپرسی پێکهێنانی تیمی تێرۆر و تێرۆری دژبەرانی ڕژیم لە ناوخۆو دەرەوەی ولات بووە ، تەسلیم کردنی سووک و سانای د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی بە محمدباقر ذوالقدر بۆ تێرۆر بووە.

## نەوشیروان مصطفی ئەمین و " معارەزەی ئێرانیی"؟!

نەوشـیروان مصـطفی لـە لاپـەرەی ١٠٥ کتێبـی خولانـەوەدا بـاس لـە "کێشـەی موعـارەزەی ئێرانـی" دەکـا وحـدکا بـە موعـارەزەی ئێـران ناودەبـا و منـەت دەکاتەسـەری کـە لـە شـەری جـادەی پیرانشـار سەردەشـت یارمـەتیی حـدکای داوە. مخـابن حـدکا ئـەو هەڵەیـەی کردبـووو کـە بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ ٩٠کەسـێکی بـە نـاوی هێـزی پشـتیوان بـۆ دیفـاع لـە جـادەی سەردەشـت لـە نزیـک سـورەبان ورەبەت جێگیرکرد.

ئەو هێزە نەوەت کەسییە هاندەرێکیان بۆ ئەو شەرە نەبوو. سێ مانگی نەخایاند کە گەڕانەوە . مخابن لە کەمینێکی سپای پاسداران دا ۹کەسیان شەهید کران. هێنانی ئەو نەوەت کەسە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان بۆ ماوەیەکی کورتی چەند مانگە سودێکی بۆ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نەبوو. رووداوەکانی دواتر و تێکەلاویی ینک لەگەل ئیتتیلاعاتی سپا ئەو واقعییەتەی سەلماند کە ئەو خۆرێکخستنەی تالەبانیی لەگەل د.قاسملوو و ناردنی ئەو ۹۰کەسە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان بە ناوی "هێزی پشتێوان "تەنیا مانۆرێک بۆ بەرێوە بردنی پلانەکانی دیکەی لەگەل ئاخوندەکان بە دژی هەموو تەنزیمەکانی کورد بووە. بروانە دەقی راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک ، وتاری لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین ،نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین و کتێبی کارەساتی هەلەبجە نووسینی شەوکەتی حاجی موشیر!

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە دوای بلاوبوونەوەی ئەو راپۆرتە خەبەرییەی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران کە لە کیهان دا لەقاودرا ، بەو ناوەرۆکە لەراستیی بەدوورەوە کە گوایە : حیزبەکەی د.قاسملوو دوچاری بێسەرەوبەرەیی بووە لەورووەوە بە گوێرەی وتەی نووسەری راپۆرتەکە گوایە و :د.قاسملوو نامەیەکی بۆ تالەبانیی نووسێبێ و تێیدا داوای لێکردبێ ئەماننامەی لە کۆماری ئیسلامیی بۆ وەربگرێ"؟! دوای بلاو کردنەوەی ئەو راپۆرتەی تالەبانیی لە لایەن علی فلاحیانەوە کە ئەو کاتە وەزیری ئیتتیلاعاتی رژیم بوو ، مەلا عەبدوللا دوای نووسینی رونکردنەوەیەکی هەزەلیی پڕ لە تەوس و پلار و خۆرانان و بە فڕوفیشال ناوبردنی ئەو راپۆرتە لە بلاوکی کوردستان ژمارەی ۱۲۷ جۆزەردانی ۱۳٦٦ ، ئەو کارەی تالەبانیی بەم شێوەیە پێناسە کردبوو : "رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ". ئەوەش لەگەل هەلوێستی دوای تێکەلبوونی خۆی لەگەل زانیاریی ینک و تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات و جاسوسیی کردنی بۆ فلاحیان و صحرارودی و زانیاریی ینک و بە گشتیی توانەوەی لە نیزامی تێرۆردا بۆ ئەو هاوڕێ یانەی تەنزیمە تەزویرییەکەی حدک جێی سەرنج و تێبینییە. بروانە هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا لە ئێدیتۆرییکتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان. تەزویری ئەوتۆ لە مێژووی گەلاندا نەکراوە.
ناردنی ئەوراپۆرتەی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات و لەقاودانەکەی لە رۆژنامەی کیهان ی ژمارە ۱۳۰۱۱ رێکەوتی ٦ ی بانەمەری ۱۳٦٦ لێدانی کلیلی چرای سەوز بۆ رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ لەداوخستن و داخوازی ئەسپاردنی دەورێک بە تالەبانیی لە لایەن ئۆدەی کارەتایبەتییەکانەوە فام کرابوو.
پێشتر گوترا کە بە پێی کتێبەکەی نەوشیروان مصطفی، دوای رێکەوتنی ۱۹۸٦ ی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ باقری ذوالقدر، ر صحرارودی کرا بوو بە بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە گوندی یاخسەمەر.گوندی یاخسەمەر شوێنی نیشتەجێی جەلال تالەبانیی و بنەمالەکەی لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا( لە گەورەدێ) لە سنوری رۆژهەلات و باشوری کوردستان بوو.

بەو رێکەوتنەی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل باقری ذوالقدر لە ،۱۹۸٦ ینک لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداراندا توایەوە. دوای ئەو تێکەلاوییەی تالەبانیی و دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران،جاسوسەکانی رژیم و زانیاریی ینک بە ناوی نەخۆش و بریندار و لە راستییدا بۆ جاسوسیی دەنێردرانە نەخۆشخانەی حدکا. ماوەیەک دوای جێگیرکردنی صحرارودی لە یاخسەمەر , تۆپبارانی ناوەندی حدکا و مانۆری پاسدارەکانی رژیم بە رێنوێنیی بەرپرسانی پلە نزمی ینک بە تەنیشت ناوەندەکانی پێشمەرگەدا پەرەی پێدراو تائەو جێیە پەرەی گرت کە بەرێنوێنی بەرپرسانی ینک پاسدارەکانی خومەینیی بەبەر بنکەکانی کادرو پێشمەرگەی حدکادا مانۆریان دەدا و دروشمی "مرگ بر دێموکراتیان دەچڕی.

## پلانی وتووێژی د.قاسملوو ونوێنەرانی رژیم به ئیبتیکاری تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی

با لێرەدا ئەو واقعییەتە بگوترێ کە هەولی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی بۆ رێکخستنی وتوێژی د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و کەترەخەمیی د.قاسملوو لە ۲۸/دیسامبری ۱۹۸۸ لە ڤییەن بە ئاکام گەیشت و "وتوێژەکان" بە بەشداریی تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی، صحرارودی، اجوادی و دوو ئەندامی دیکەی سەرکردایەتیی ینک و د.قاسملوو عەبدوللا قادریی دەستیان پێکرد. فازل رەسول و برایەکی لەو دەورەدا پاسەوانی صحرارودی و تالەبانیی بوون. ئەو دوو کەسە بۆ ئەو ئەرکە لە دوو چەکی جەوازداری ژنەکەی فازل کە ئوتریشیی بوو کەلکیان وەرگرتبوو.شرۆڤەی ئەوبابەتە دواتر بەدورو درێژیی باس دەکرێ.
سەرنجراکێشە کە تالەبانیی نزیک بە بیست سال دوای تێرۆری د.قاسملوو گێرانەوەی خۆی بۆ رێکخستنی بە ناو وتوێژی د.قاسملوو و صحرارودی بۆ نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد بەدورو درێژیی باس کردبوو. ناوبراو لەگەل نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، لەدەوری خۆی و بەرێوەبردنی سەرکەوتوانەی وتوێژی نێوان د.قاسملوو و تێرۆریستەکان لە قۆناخی یەکەم دووابوو. سەرجراکێشتریش ئەوەیە کە چیرۆکەکانی جەلال تالەبانیی کە بۆ نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لەسەر پێکهێنانی وتوێژەکان، تێکێشانی بنبێلاو فازل رەسول و .... باسی کردبوون لەگەل لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوە لە رووداوی تێرۆری دقاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لە ڤییەن ناتەبا بوون. تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی و بنبێلا هەرگیز نەیانویست دوای تڕۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر بچنەوە ڤییەن و زانیاریی خۆیان لەسەر پلانێک کە خۆیان تێیدا بەشدار بوون بە دادوەرانی لێکۆلینەوە رابگەیەنن.

هاوکاریی مەلا عەبدوللا لەگەل دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران تەنیا بۆ تیرۆری د.قاسملووو د.شەرەفکەندیی نەبووە. هاوکاریی ناوبراو لەگەل زانیاریی ینک،ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، صحراروی و وەزارەتی ئیتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی شێخ علی فلاحیان ... بۆ تیرۆر، راونان، گرتن، تەسلیم کردنەوە، رفاندن، دەرمانداو کردن و بێسەروشوێن کردنی هەزاران ئەندامی حدک کە لە ناوچەی سەوزی ژێر دەسەلاتی تالەبانیی و تەنزیمەکەی دەستبەسەر کرابوون تا ئێستا لێی نەکۆڵدراوەتەوە. ئەندامانی تیمەکەی مەلا عەبدوللاش لەو هەموو جینایەتەدا کە لەلایەن مەلا عەبدوللاو وتیمەکەیەوە دژ بە ئەندامانی حدکا کراون بێدەنگەیان لێکردووە، ئەوەش خۆی گرێیەکی کوێری دیکەی ئەو هەموو جینایەتەیە کە نەکراوەتەوە.

تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد نووسینی کارۆل پرۆنهۆبێر بە زمانی ئینگلیزیی کە فتاح کاویان وەرگێڕی بووە، سەیرترین رووداوێک بووە کە تا ئێستا لە جیهانی تەزویردا کراوە. مەلایەکی ناشارەزا، نائاشنا بە ئەلف و بێی زمانگەلێکی کە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کوردی پێنووسراوە چۆن خۆی کردووەتە ئێدتۆر و خەیانەتی بە وەرگێری کتێبەکە، بە خوێنەران و بە هەزاران ئەندامی ئەوحیزبە کە گیان و ماڵیان فیدای ئەونیشتمانەکردووە، خەیانەتی بە راستیی و پاکیی و بە ئەمانەت و هاوڕێ و رێبەرو و لینێعمەتی خۆی کردووە ، واقعییەتی بۆ دوژمنی گەل و ئینسانییەت گۆڕیوە، بە نهێنیی بووە بە هاوکاری دوژمن و بەسەدان ئەندامی ئەوحیزبەی بە غەدر بە کوشتداوە، کامە کارەسات لەوە سامناکتر لەمێژوودا رووی‌داوە؟! مرۆڤ سەرسام دەبێ لەوە کە ئەو هەموو جینایەتە لە بەرامبەر چی‌دا کراوە؟

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە چۆن خۆی لە فتاح کاویانی وەرگێڕی کتێبەکە هالاندووە ؟ چۆن توانیویە و ئەو ئەو دەورە بە دژی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بگێڕی و تەفرو تونای بکا؟

دەوری ئەندامانی تیمەکەی مەلا عەبدوللا حیاکیی کە دواتر ناوەکانیان بڵاو دەکرێنەوە و ئەندامانی رێبەرایەتیی شۆرشگێری بەرێ کە گەرانەوە ناو حدکا و بوونە داژداری مەلا عەبدوللا و کارگەی تەزویری مەلا عەبدوللایان دامەزراند چۆنە بێدەنگە و چاوپۆشییان لەو هەموو جینایەتە کردووە کە لە خەیاڵدا ناگونجێ؟ . ئەو هەموو جینایەت و غەدر و بێعدالەتیی و بێ ئەمەگییە کە دژ بەو هەزاران مرۆڤە قارەمانە هەقخوازەکراوە، دەبێ لە چەشنی کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ی ئاخوندەکان کە ئایەتولا مونتەزیریی لە قاوی‌دا حیسابیان بۆ بکرێ.

بزوتنەوە کانی کورد و بە تایبەتیی حدکا بۆ خەیاڵپلاوێکی رێبەرانی تەنزیمی ینک بۆ پێکهێنانی هیلالی شیعیی + کوردستان تونا کران. بروانە خولانەوە لە ناوبازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی،لاپەرەکانی ١٢٢تا١٢٤، بەڵگەنامە نهێنییەکانی کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی بەرپرسیارە، بە تایبەتییبەڵگەنامەی ژمارە ٣٢ لاپەرەکانی ٢٩١ و٢٩٢ ، فرۆشتنی حدکاو خەباتی دەسەڵاتی بە جیرەیەکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و دەستبەسەرداگرتنی سامانی حدکا ئەو بزووتنەوەیە ورێبەرانی تەفرو تونا کران. دەبێ چاوەروان بین،کومیتەیەکی راستیی‌پشکن پێک بێ و لەدەوری ئەندامانی رێبەرایەتیی هەرسێ لایەنەکە، حدکا،رێبەرایەتیی شۆرشگێروبە تایبەتیی "حیزبە" تەزویریی‌یە'کەی مەلا عەبدولا حیاکیی بکۆڵێتەوە.

### هەوڵی نهێنیی تالەبانیی بۆ دەسپێکی وتوێژی خولی یەکەم لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ +

تالەبانیی لە خیتابەکەی خۆی‌دا بۆ دەسپێکی وتوێژ بە چەشنێک قسەی کردبوو کە لە راپۆرتە نهێنیی و محرمانەکەی خۆی دا بۆ" وەزارەت ئیتتیلاعات " ی نووسیبوو. بروانە کیهان ژمارە١٣٠١١ شەشەمی بانەمەڕی ١٣٦٦ بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی علی فلاحیان.

تالەبانی دوای ئەوە کە پلانەکەی لە لایەن علی فلاحیانەوە لەقاودرا و لە رۆژنامەی کیهان‌دا چاپ کرا، هەولی‌دابوو لەرێگەی محسن رضائی‌یەوە پلانەکەی خۆی بۆ رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ بە ناو وتوێژەکە بەرێوەبەرێ. بروانە نامەو پەیامی تالەبانیی بۆ هاشمی رفسنجانی کە لە رێگەی محسن رضائی‌یەوە بۆ هاشمی رفسنجانی ناردبوو. کرتە بۆ ئێرە ، ئێرە، ئێرە ، ئێرە ، ئێرە ، ئێرە ، ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

ئەو بەڵگەنامانەی کە ئادرەسی شوێنی خوێندنەوەیان لەسەرەوە و لەبەرچاون لە " روزشمار خاطرات رفسنجانی ، محسن رضائی‌دا بەزمانی فارسیی نووسراون : کورتکراوەی ئەو بەشانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە لە خوارەوە بە زمانی فارسیی بخوێنەوە.

کورتکراوەی ئەو بەشانەی که لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە لە خوارەوە به زمانی فارسیی بخوێنەوە. بۆ نموونە:

نامه جلال طالبانی به هاشمی روزشمار خاطرات / ۲۷آذر ۱۳٦٥

خاطره روز ۲۷ آذر ۱۳٦٥( ۱۸ دێسامبر ۱۹۸٦) آقامحمدی آمد و نامه جلال طالبانی [ رهبر اتحاد میهنی کردستان عراق ] را آورد که حامل پیغامی از [عبدالرحمن قاسملو] [رهبر حزب دمکرات کوردستان ایران] مبنی بر آمادگی ترک مخاصمه با ایران بود. منبع کتاب کارنامه و خاطرات سال ۱۳٦٥ " اوج دفاع " دفتر نشر معارف انقلاب.

۲–روز ۲۵ آذر سال ۱۳٦٦ ظهر آقای محسن رضائی آمد . او با جلال طالبانی مذاکره کردەبود.

– عصر [ فرماندهان] قرارگاه رمضان آمدند. مذاکرات با طا لبانیها را برای شرایط همکاری در جنگ گفتند. آنها نگرانند که در صورت ختم جنگ از طریق سیاسی در مقابل صدام تنها بمانند و یا در حکومت آیندەی عراق وضع درستی نداشتەباشند. میخواهند ضمن پیمانی آینده خود شان را تضمین کنند و نیز درباره تشکیل دولت در تبعید عراق و ارتش اسلامی عراق هم طرحهائی ارائه کردند که قرار شد با روسای قوا مذاکره و جواب هرسه موضوع دادەشود.

۳ –خاطره روز ۱٦ مرداد ۱۳٦٥

توصیەی هاشمی به فرماندهان قرارگاه رمضان/ "همکاری گام به گام با کردهای عراق" ،

..."عصر فرماندهان قرارگاه رمضان درباره قرارداد با بارزانیهاو طالبانیها صحبت کردند و و خواستند که برای انجام قرارها کمکشان کنم . گفتم به تدریج و گام به گام پیش بروند . درحدی که آنها امتحان صداقت میدهند، امکانات میدهیم".

رفسنجانی که له یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیدا چەند جارێک ئاماژەی بە و داوایەی تالەبانییکردبووکە لە رێگای محسن رضائییەوە هەوڵی دابوو بۆ بردنی د.قاسملوو بۆ ئەو وتوێژە هان بدا. بروانه روزشمار خاطرات رفسنجانی.


http://www.tabnak.ir/fa/print/306589

TABNAK
PROFESSIONAL NEWS SITE
تابناک

تعهد «جلال طالبانی» به سپاه

ضدانقلاب در عقبه نیروهای ما قرار گرفته بود و نیروهای ما پیشروی کرده بودند در دل ضد انقلاب. ما از تپه دیگری که مشرف به آنجا بود، کمک می‌کردیم و من از همانجا صحنه را می‌دیدم.

کد خبر: ۳۰۶۵۸۹ تاریخ: ۱۴ اسفند ۱۳۹۱ - ۱۵:۳۵

با شدت گرفتن حجم آتش توپخانه سپاه علیه ضدانقلاب در خاک عراق، جلال طالبانی تعهد داد اینها دیگر به صورت مسلحانه در داخل ایران فعالیت نخواهند کرد.

کرته بۆ ئێره بکەو Ctrl دابگرە!

رفسنجانی لە یەکێ لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویه : عصر فرماندهان قرارگاه رمضان در باره قرارداد با بارزانیهاو طالبانیها صحبت کردند و خواستند که برای انجام قرارها کمکشان کنم. گفتم به تدریج و گام به گام پیش بروند ، درحدی که آنها امتحان صداقت میدهند، امکانات بدهیم.

امتحان صداقت ؟! مانای تایبەتیی خۆی هەیە... واتە ئەوەی رفسنجانی ویستوویە بۆی بکەن بۆی بکوژن، وێرانی بکەن و ئاگری دەن،بە کورتی هەموو جینایەتێکی بۆ بکەن، ئەوکاتە بە پاسدارێک حیسابیان بکەن و بیانژێنن... ئەوەش لە لایەن جەلال تالەبانییەوە بە هاو پەیمانیی ناودێرکرابو.

**راپۆرتی نهێنیی جەلال تالەبانی بۆ وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران، وەرگیراو لە رۆژنامەی کیهان ژمارە ١٣٠١١ بانەمەڕی ١٣٦٦ و گاڵتە پێکردنی مەلا عەبدوللا حیاکیی بە ناوەرۆکی ئەو راپۆرتە لە بڵاوۆکی " کوردستان" ئۆرگانی حدکا ژمارە ١٢٧ لاپەڕەی ١٦ جۆزەردانی ١٣٦٦ هەتاویی**

ژمارە: ١٢٧ — کوردستان — لاپەری ١٦
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## مەسەلەی کورد لەراکەیێنەکشتیەکان دا

گۆڤاری ئیسپانیایی ئۆواسوسەداد
ژمارە ٨٧ ژانویە و فێوریەی ١٩٨٧

کوردستان: نەتەوەیەکی لەبیرچووەوە.

کوردەکان لە جیهان دا تەنیا نەتەوەیەکن کەلەگەڵ ئەوەی بیست ملیۆن کەس دەبن، دەوڵەتیان نیە. ئەو گەلە کە بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی خۆی راپەریوە هەرگیز پەنای بۆ تێرۆریزم نەبردوە وکەلکی لی وەرنەگرتوە. هەرئەم مەسەلەیە لە ناوچەدا " کاراکتر" یکی تایبەتیی بە کوردەکان بەخشیوە. کوردستان، کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان دەوڵەتە تازەسازکراوەکانی دەستی هاوپەیمانەکان دا دابەش کراوە لە ئەتەهەڵ وەمرجی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا سەرزەوییەکی گرنگە کە هیچ چەشنە رێگایەکی بۆ دەرەوە نیە. چاوخشاندنێک بەسەرلاپەنی مێژوویی ئەم وڵاتەدا ئیمکانی تێگەیشتن لە وەزعی ئێستای نەتەوەیەکمان بۆ پێک دێنێ کە لە راگرتنی پارسەنگ لەسێ گۆشەی پێک هاتوو لە تورکیە، عیراق و

بو لاپەری ٣

ئێران دا نەخشێکی دیاریکەری هەیە....

کوردەکانی ئێران

بەشێکی گەورەلە کوردستانی ئێران ناوچەیەکی کشت و کاڵی یە. بێجگە لە ئوستانی کرماشان کە نەوت ی کەلکی لێ وەردەگیرێ، هیچ جۆرە هەڵسووڕانێک بۆ هەڵێنجان وەدەرخستنی کانگاژێر زەوییەکان

بو لاپەری ٣

## سازشکاری!!

مەسەلەی چاو پێکەوتنێک کە هاوینی ساڵی ١٣٦٣ لە نێوان نوێنەرانی حیزبی دێموکرات و رێژیمی خومەینی دا رووی دا وکانی خۆی لە "کوردستان"ی ژمارە ٩٩ دا بڵاوکرایەوە، تا ئێستاش بنێشتەخۆشەی سەرزمانی هێندێ لەو حیزب و سازمانانەیە کە خۆیان موختالیفی حکوومەتی ئاخوندی دەزانن لەگەڵ ئەوەی لەو چاو پێکەوتنەدا هیچ وتوووێژێکی سیاسی لە گۆڕێ دا نەبوو حیزبی ئێمە چەندین جاری راگەیاند

بو لاپەری ٣



## رووت خەون بەدووگەزجاوەوەدەبینێ"

رۆژنامەی "کیهان" کە لە تاران چاپ دەکرێ، لە ژمارەی ١٣٠١١ی رێکەوتی شەشەمی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٦دا "هەواڵ"یکی نهێنیی لە بارەی وەزعی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چاپ کردوە. بە پێی ئەم "هەواڵ"ە حیزبی ئێمە لە نێو رێزەکانی خۆیدا تووشی "بێ سەروبەرەیی و لاوازی" بووە و بەم هۆیەوە سکرتێری گشتیی حیزب هاورێ دوکتور عبدالرحمن قاسملوو"لە نامەیەک دا کە بۆ جەلال تالەبانیی نووسیوە، "وێرای ئیقرار بە وەزعی نابەسامانی حیزب" داوای لێ کردوە ببێتە نێوبژیوان" و بۆسکرتێر و ئەندامانی دیکەی حیزب" لەکۆماری ئیسلامی ئەمان‌نامە وەربگرێ."

ئێمە وێرای چاپکردنی کلیشەی "هەواڵ"ە نهێنیی یەکەی رۆژنامەی "کیهان" — وەک گاڵتەیەکی خەبەری، خوێنەرانی "کوردستان" و هەموو هاونیشتمانانی خۆشەویست دڵنیا دەکەین کە خەباتگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەڵامی ئەو فروفیشاڵ و درۆ و دەلەسانە لە مەیدانی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی دا بە کۆنەپەرستەکان دەدەنەوە.

## جیهادی سازندگی!!

لاپەری ٥

## برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی

ئـەو راپۆرتـەی کـە لـە لاپـەڕەی ٧ ی ئـەم لێکۆلینەوەیـەدا دەبینـدرێ، لـە لاپـەرەی ١٦ بڵاوکـی "کوردسـتان " ئۆرگـانی حـدکا ژمـارە ١٢٧ رێکـەوتی جـۆزەردانی ١٣٦٦ (ژوئـەنی ١٩٨٧ ) وەرگیـراو لـە رۆژنامـەی کیهـان ی ژمـارە ١٣٠١١ رێکـەوتی ٦ بانەمـەری ١٣٦٦ سـەر بـە رژیمـی ئێـران بـووە کـە نیشـاندەدا بیرۆکـەی وتـوێژی نێـوان د.قاسـملوو و وەزارەتـی " اطلاعـات" ئیبتیکـاری سەربەخۆی جەلال تالەبانیی بووە کە بە "نهێنیی " بۆ وەزارەتی اطلاعات "ی رژیمی کۆماری ئیسلامیی ناردبوو.

مـەلا عەبـدوڵلا حەسـەنزادە ئـەو نووسـراوەیەی تالـەبانیی بـە راپـۆرتی خەبـەریی[جاسوسـیی] ناونـا بـوو و خـۆی پێوەرانـابوو کـە "تالـەبانیی روت و قوتێکـە و خـەونی بـە دوو گـەز جـاوەوە بینیـوە و هەرەشـەی لێکردبـوو کـە لەشـکرەکەی ولامـی ئـەو درۆ و دەلەسـە و فرۆفیشـالە لـە مەیـدانی خـەباتی رزگـارییخوازیی نەتەوایـەتیدا بـە کۆنەپەرسـتانەدەداتەوە. دیـارە مەبەسـتی مـەلا عەبدوڵلا ئەوکاتە لە کۆنەپەرستان هاوپەیمانەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە."

دارشـتنی پـلان بـۆ تێـرۆری د.قاسـملوو دوای "رێکـەوتن "ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٨٦ ی جـەلال تالـەبانیی و وەفدەکـەی لـە تـاران لەگـەل محمـد بـاقر ذوالقدر، لەلایـەن رفسـنجانی و ئەنـدامانی ئـۆدەی کارەتایبەتییـەکان( تێـرۆری دژبـەرانی سیاسـیی رژیـم) دەسـتی پێکـرد بـوو. محمـد باقرذوالقـدر بـە وتـەی بنیصـدر بەرپرسـی ئیتتیلاعـاتیی قەرارگـەی رەمـەزان و سەردەسـتەی لیبـاس شەخسـییەکان، رێکخـەری تیمـە تێرۆریسـتییەکان و بەرپرسـی ئامـادەکردنی پەروەنـدە ی تێـرۆری دژبـەرانی سیاسـیی رژیـم بۆ ئۆدەی کارە تایبەتییەکانی رژیم بووە.

ئـەو راپۆرتـە لـە راسـتیی بـەدوورەی تالـەبانیی بـۆ وەزارەتـی ئیتتیلاعـات کـە بـە نهێنیـی نـاردرابوو و ناوەرۆکەکـەی ئەوەنـدە لـە واقعییەت بەدوربووە کە تەنانەت مەلاعەبدوڵلا حەسەنزادە بە راپۆرتی خەبەریی( بخوێنەوە جاسوسیی) ناو برد بوو.

راپۆرتەکـەی تالـەبانیی بـۆ محسـن رضـائی، محمـد بـاقری ذوالقـدر، علـی فلاحیـان ، ولایـەتیی ، رفسـنجانی و خامنـەیی، بـە مانـای لێـدانی کلیلـی چـرای سـەوز بـۆ رکـێش کردنـی د.قاسـملوو بـۆ نـاو داوی تێـرۆر وداوای ئەسـپاردنی ئـەرکێک بـە تالـەبانیی و تەنزیمەکـەی بـۆ هاوکـاریی کـردن لـە هـەر پلانێـکدا کـە بـە دژی د.قاسـملوو لـە بەرنامـەی کـاری رژیـمدا بـووبێ فـام کرابوو.

تالـەبانیی دوابـەدوای نووسـینی ئـەو راپۆرتـە بـۆ وەزارەتـی ئیتتیلاعـات، لـە نزیکتـرین کەسـانی بـاوەرپێکراوی خـۆی و کۆمـاری ئیسلامیی بریتیی لەو کەسانە کەڵکی وەرگرتبوو :

١–نەوشـیروان مصـطفی ئەمین، کەسـایەتیی ژمـارە٢ یـنـک کـە لـە ٢٠٠٩ لەگـەل تـاقمێکی زۆر لـە نارازییـەکانی ناوینـک یـەکتریان گرت و بزووتنەوەی گۆڕانیان راگەیاند.

٣– ئەحمـەد بنبـێلا سـەرۆک کۆمـاری راونـراوی ئەلجـەزایر و دوو کەسـی دیکـە لـە بـاوەرپێکراوانی خـۆی لـە نـاو تەنزیمەکـەیدا کـەڵکی وەرگرتبـوو. ئەودووکەسـە (خەسـرەوخاڵ و شـازاد سـەعید رەشـایی لەشـکربوون و دەورێکیـان نـەبووە. تـەنیا بـۆ نیشـاندانی گرنگییدان بە وتوێژەکە بەشدارییان بەو دوو کەسە کردبوو.

ئەحمەد بنبێلا سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر، دۆستی نزیکی تالەبانیی و لایەنگری خومەینیی بووە کە دەورێکی خراپی لە رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو تۆری تێرۆر گێڕابوو. بۆ ناسینی ئەو دۆستەی تالەبانیی ئەو بیرەوەرییەی بەنی صدر( سەرۆک کۆماری بەرێی کۆماری ئیسلامیی لە پاراگرافی ٧ی بیرەوەرییەکانیدا بخوێنەوە!.) کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە! احمد بن بلا لەلایەن تاڵەبانییەوە بۆ متمانەکردنی د.قاسملوو بە جیددی بوونی "وتووێژە" کەلکی لێوەرگیرابوو.

دەستخۆشانە ومزەی ئەو ئەرکە کە بنبێلا وەریگرتبوو ، ئاپارتمانێک بە قیمەتی ملیۆنێک و چوارسەت و پەنجا هەزار شیلینگ لە شاری ڤییەن بووە . بروانە وەرگێردراوی دوو بەڵگەنامەی خوارەوە کە پێشتر لە ئالمانییەوە کرابوون بگ کوردیی و بڵاو کرابوونەوە .

بۆ ئەوە خوێنەرلە ڕێکەوتی پلانی دارێژراوی تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان بۆ تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر ئاگاداربێ، پێویستە لە ڕێکەوتی دوو روداوی پێوەندییدار بەو پلانەوە ئاگادابێ: ١- ڕێکەوتی کرینی بینایەک لە لایەن فازل رەسوڵەوە لە دیسێمبری ١٩٨٨ بە نوێنەرایەتیی باڵوێزخانەی ئێران لە ئوتریش بۆ احمد بن‌بلا. کاری کرین و دانی قیمەتەکەی، نووسینی سەندەکەی بە ناوی احمد بنبێلا لە ئەستۆی فازل رەسوڵ بووە. بەرێوەبردنی وتوێژی سازماندراوی تالەبانیی بۆد.قاسملوو و تێرۆریستەکان لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ تا ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ ئاخرڕۆژی وتوێژەکە بووە. دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە تالەبانیی‌و نەوشیروان مصطفی و تێرۆریستەکانی رژیم لە ٢٥ی دیسامبری ١٩٨٨ ەوە چووبوونە ڤییەن و تارۆژی ٢٥ ژانویەی ١٩٨٩ لەو شارە مابوونەوە. لەو ماوەدوور و درێژەدا تەنیا لەو ٣ رۆژەدا کۆببوونەوە: ٢٨ ی دیسامبری ١٩٨٨ و ٣٠ دیسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩.

رووداوی دوو هەم کرینی مۆتۆرسیکلێتێکە لەلایەن صحراروديی‌یەوە. لەو مەودازەمانیی‌یەی سەرەوەدا بۆ ئەوە کە تێرۆریستەکان بتوانن بۆ دەربازکردنی خۆیان و گەیشتنیان بە فرۆکەخانە کەڵکی لێوەربگرن. بەڵگەنامەی ئەوەش لە جێی خۆیدا دەخرێتە بەرچاو. سێ رۆژی کۆبوونەوەکان لەماڵێ خەبات مەعروف و مالی فازل و براکانی بەرێوەچوو بوو. تالەبانیی و مەلا عەبدوللا و نەوشیروان مصطفی هەرگیز باسی ئەو شوێنەیان نەکرد کە کۆبوونەوەکانی رۆژی ٣٠ سطپتامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ی ژانویەی ١٩٨٩یان تێدا بەڕێوە چووبوو.

ئەودوو بەڵگەنامەیە حیکایەت لەوە دەکەن کە، قەراربووە لە قۆناخی یەکەمی "وتوێژ"کە دا واتە ٢٨ دێسامبری ١٩٨٨ تا ٢٥ژانویەی ١٩٨٩ کۆتایی بە ژیانی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی بێنن. چ هۆیەک بووەتە هۆی راگرتنی جێبەجێکردنی پلانەکە بۆ پۆلیسی دادوەریی و دادوەرەکانی لێکۆلینەوە روون نەبووە و نەیانتوانیوە زانیاریی پێویست لە تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی وەربگرن..

## زانیاریی کارگێڕێکی دەفتەرخانەی د. کرالیک بە ناوی فوجیک لەسەر کرینی ئاپارتمانێک لەلایەن فازل رەسوڵەوە بۆبنبێلالە دێسامبری ١٩٨٨

رۆژی ١٦/٧/ ١٩٨٩ کاتژمێر 9.30 پۆلیسی کێشک بۆ بەدواداچوونی زانیارییە راگەیەندرەوەکەی خاتو فوجیک لە مەر کرینی بینایەک لە لایەن فازل رەسولەوە بۆ ئەحمەد بێن‌بێلا( سەرۆک کۆماری بەرێی ئەلجەزایر) چووبووە دەفتەرخانەی د.کراڵیک لە مەنتیقەی ١٨ ی ڤییەن. خاتو فوجێک رایگەیاند بوو کە پێشتر لە دەفتەری تاپۆی د.کرالیک کارگێر بووە و ئاگادارە کە شەش مانگ بەر لە روداوی تێرۆرەکەی ڤییەن کەسێک بەناوی "د. فازل رەسوڵ " بینایەکی بۆ ئەحمەد بنبێلا سەرۆک کۆماری بەرێی ئەلجەزایر بە قیمەتی 1450.000 شیلینگ ( پارەی ئەوسەردەمەی ئوتریش )لەو دەفتەرخانەیەی ئەو کاری لێکردبوو دابوو بە د.کرالیک و سەنەدەکەی بە ناو ی" احمد بن‌بلا " بۆ نووسرابوو.پۆلیس دواتر لەسەر داهاتی فازل رەسوڵ نووسیبووی : فازل رەسول لەکاتی کرینی ئەو ئاپارتمانە لە دوو شوێن کاری کردبوو: ١- ... ٢- لە ئەنستیتۆیەکی دەرەوەی ڤییەن کە مانگانە ٤٥٠٠ شیلینگی داهات بووە. بەلام ژنەکەی بە ناوی سوزانە کە پزیشک بووە مانگانە ٢٥٠٠٠ هەزار شیلینگ موچەی وەرگرتبوو.

163

Bundespolizeidirektion Wien
Staatspolizeiliches Büro

Wien, am 15.07.1989

Zahl: I - Pos 400/IIIa/15/89 res

Betr.: Mordanschlag in Wien 3.,
Linke Bahngasse 5/12;

hier: Hinweisgeber.

A k t e n v e r m e r k

Am 15. Juli 1989, um 09.30 Uhr gab der Journaldienst Sicherheitsbüro (BzI. GRANDITS) bekannt, daß er von einer Frau FUCIK einen Hinweis betreffend Dr. Fadel Rassoul entgegengenommen habe.

Frau FUCIK wurde zurückgerufen und gab an, daß sie beim Notar Dr. Kralik, Wien 18., Martinstr. 81 beschäftigt war. Sie könne sich erinnern, daß im Dezember 1988 ein Dr. Fadel Rassoul für den Ministerpräsidenten von Algerien Ahmed BEN BELA in der Bäckerstraße Nr. 3 (Wohnung Nr. 9 ?) eine Eigentumswohnung in der Höhe von öS 1,450.000.-- angekauft habe. Die Modalitäten betreffend dieses Kaufes wurden von Dr. Rassoul erledigt. BEM BELA habe nur den Kaufvertrag unterschrieben. Frau FUCIK (TelNr. 42-06-452) meinte, daß dieser Hinweis im Zuge der gegenständlichen Erhebungen, vielleicht von Wichtigkeit sein könnte.

BzI.

**Bundespolizeidirektion Wien**
Staatspolizeiliches Büro

Wien, am 17.07.1989

Zahl: I-Pos 400/IIIa/15/89 res

Betr.: Mordanschlag in Wien 3.,
Linke Bahngasse 5/12;
hier: Erhebungen zum Hinweis
vom 15.7.1989 (Dr. RASSOUL -
BEN BELA - Wohnungsankauf).

B e r i c h t

Erhebungen bei der Notariatskanzlei Dr. Winfried KRALIK, Wien 18., Martinstraße 81 etabliert, TelNr. 48-25-48-0*, ergaben, daß tatsächlich im Dezember 1988 Dr. Fadel RASSOUL im Namen von BEN BELA (ehemaliger Ministerpräsidant von Algerien) eine Eigentumswohnung in Wien 1., Bäckerstraße Nr. 3/9 angekauft wurde, bzw. Dr. RASSOUL für die Vermittlung zuständig war. Diese Eigentumswohnung hat die Einlagezahl Nr. 57, im Grundbuch Innere Stadt (Anteil 22 + 23).

Diese Auskunft wurde von Dr. Lunzer gegeben. In welchem Verhältnis Dr. RASSOUL zu BEN BELA steht konnte nicht in Erfahrung gebracht werden.

BzI.

**لــە بەشــەکانی دادێدا بــە پێــی رێکــەوتی روداوەکــان قۆنــاخی دووهــەمی روداوەکــانی تێــرۆری د.قاســملوو و عەبــدوللا قــادریی و دەوری تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان باس دەکرین. ١٩ ــ١٢ــ ٢٠١٦**